گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕاڤەی گوتاری دیماتریاڵیزەشن

**کۆسار جلال محمد کاکە**
بەشی نیگارکێشان ، کۆلێژی هونەر ، زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی ،هەرێمی کوردستان، عێراق
Kosarjalal.kaka@gmail.com

**پ.ی.د جزا بکر محمود**
بەشی نیگارکێشان ، کۆلێژی هونەر ، زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی ،هەرێمی کوردستان، عێراق
Jaza.mahmood@univsul.edu.iq

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/٦/٢٦
پەسەندکردن:٢٠٢٣/٨/٩
بڵاو کردنەوە:پایز٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Dematerialization, Hermeneutics, Ultra-conceptual, anti-aesthetic, commodity.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.3.23

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی (ڕاڤەی گوتاری دیماتریاڵیزەیشن لە هەرێمی کوردستان- سلێمانی بە نموونە) کە لە چوار بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ خستنە ڕووی کێشەی توێژینەوەکە و گرنگییەکەی و ئامانجی توێژینەوەکە و سنووری توێژینەوەکە، کە سنووردارە بە ئاشکراکردنی تایبەتمەندیی کارە هونەرییە دیماتریەلایزکراوەکان لەلایە هونەرمەندانی کورد لە هەرێمی کوردستان (سلێمانی بە نموونە) لە ساڵی (٢٠٠٩-٢٠١٧)، هەروەها مامەڵەکردن لە هەندێک لەو زاراوانەی کە لە توێژینەوەکەدا ئاماژەی پێکراوە، لە ڕووی زمان و زاراوە و پێناسە بە شێوەی ڕێکارەکان. بەشی دووهەم وەک چوارچێوەیەکی تیۆری ئامادەکراوە، کە دوو توێژگە لەخۆ دەگرێت. توێژگەی یەکەم: شیکرنەوەی چەمکی ڕاڤە و گوتار، توێژگەی دووهەم : دیماتریاڵیزەیشن (چەمک و ژێدەر و سەرهەڵدان) وەک ناساندن و سەرهەڵدانی ئەم چەمکە لەنێو کاری هونەری بینەییدا. بەشی سێیەم: خستنەڕووی میتۆد و ڕێکارەکانی شیکردنەوە دەکات، کە میتۆدی ئەم توێژینەوەیەی توێژەر لە شیکردنەوەی نموونەکانیدا بەکاری دەهێنێت، میتۆدی (وەسفی شیکاری)ە کە بە کۆکردنەوەی بەرهەمە هونەرییەکان دەستیپێکردووە و هەروەها بەو شتانە کۆتایی هات کە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شیکرایەوە وەک نموونەیەک، کە ئەنجام و دەرەنجامەکانی بەدەستهێنا، ڕاستەوخۆ وەڵامی کێشەی توێژینەوەکەیان داوەتەوە، بەشی چوارەم پێکهاتووە لە پێشنیار و ئەنجام و دەرەنجامی هەر یەکە لە نموونەکان و تایبەتمەندی دیماتریەڵایزکردنی کاری هونەری لە چوارچێوەی هونەری بینەییدا، هەروەها لیستی سەرچاوەکان.

## بەشی یەکەم :

### 1. کێشەی توێژینەوە :

سەرەڕای گەشەکردن و پاڵنان بەرەو دیماتیاڵیزەکردنی کارە هونەریەکان لەو کاتانەی کە مەرگی هونەر بەیان دەکرا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، ڕێڕە و وەرگرتن بەرەو نامادێتی ڕێگریکراوە لە ڕووی مێژووییەوە لەلایەن ئەو بیرۆکە باوو و زاڵەی کە هونەر خەفە و بێدەنگ دەکات، هەروەها ئەمە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەیگۆڕێت بۆ جەختکردنەوەی ناچاری کارە هونەریەکە بۆ خولانەوە لەنێو بازنەی خواستەکاندا، یاخود سیستەمە هونەرییە سواوو پشتگوێ خراوەکان، کە هێشتا بە فرمان و کردارەکانی قۆناغی مۆدێرن بەڕێوە دەبرێت. هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیە پرسی دیماتریاڵیزەیشن دەکاتە کێشەی سەرەکی خۆی، کە بەردەوام پێگەیەکی "نۆمیناڵ-نادیاردەگەرا"ی هەیە لە پرۆسەی هونەری پاش "کۆنسێپچواڵیزم"، بە واتایەکی دی لەو کاتەوەی کە بیرۆکە (Concept) دەبێتە خاڵی چەق لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کاری هونەریدا، ئیدی گشت ڕەهەندەکانی بیرۆکە نابێتە ماتریاڵ، یاخود ئۆبجێکت، بەڵکو هەندێکیان وەک یەکەیەکی نەبینراو یان بەرجەستە نەکراو یاخود سادەکراو ئامادەییان دەبێت. هەروەها پشت بەست بەو بەرچاو ڕوونیەی (لوسی لیپارد) کە دەیەوێت دروستی بکات، لەپێناو ئەو هیوایەی کە هونەر بتوانێت لە ئایندەدا خۆی بە دوور بگرێت لە بەکاڵابوون(Commodity) و بازرگانی گشتی، کە ئەمە خواستێکی گرنگی بیرۆکەی دیماتریاڵیزەیشنە. بەهای پرسی دیماتریالیزەیشن تاوەکو ئەمڕۆشمان گرنگی و هەژموونی زۆری بەسەر کاری هونەرەرمەندانی جیهانیەوە هەیە، هەروەها کوردستانیش بەشێکە لەو شەپۆلەی کە لە هونەری جیهانگیریدا پێی گەیشتووە، لەگەڵ جیاوازی نەوە و میدیای کارکردندا کاریگەرییەکەی لەلای هونەرمەندانی کورد، هێشتا کۆنسێپتی دیماتریاڵیزەیشن پێگەیەکی گرنگی هەیە لە کارەکانیاندا، کە ئەمەش خۆی لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کێشەی توێژینەوەکەماندا دەبینێتەوە. هەروەها چەند پرسێکی دیکە دەخاتە ڕوو کە لەنێو خۆیدا هەڵیگرتووە وە دەتوانین دەستنیشانی ئەو کێشانە بکەین ئەوانیش: ئایا دیماتریالیزەیشن چ گوتارێک و خواستێکی بۆ نێو کاری هونەری بینەیی و هزری لەخۆ گرتووە؟ ئایا بونیادی بنچینەیی ئەم پرسە چ مۆرکێک و بە چ ئاوایەک بەرجەستە کراوە؟ بە چ تەوژم و ئاستێک لەنێو کایەی هونەری بینەیی هەرێمی کوردستاندا پیادەی ڕاڤەی گوتاری خۆی دەکات؟ هەروەها ئایا هزر و چەمک لەنێو بونیادی کارە هونەریەکانی هونەرمەندانی کورددا ئافەریدە دەکات؟

## 1. گرنگی توێژینەوە:

أ. لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخرێتە سەر گرنگی دیماتریالیزەیشن و ناساندنی لەنێو هونەری کۆنسێپچواڵدا.

ب. ئەم توێژینەوەیە دەبێتە بەشێک لە زیادکردنی کەمی زانیاری تیۆری دەربارەی دیماتریاڵیزەیشن و ڕەهەندە دەرە-ئیستاتیکیەکانی و ڕەخنە و خۆ بەدوورگرتن لە بەکاڵابوونی هونەر(Commodity)، هەروەها مەبەستێتی ئەو دیوە نا-دیاردەگەراییە دەستنیشان بکات کە لەنێو ئەم پرسەدا پێگەیەکی گرنگی هەیە.

**ت.** هەروەها دەیەوێت تێگەیشتن دروست بکات لەوەی، کە چۆن و بە چ ئاوایەک هونەر دەبرێتە ئەو سنوورەی کە بتوانێت بیرۆکە هەژموونی هەبێت بەسەر فۆرم و ماتریاڵدا، بەو واتایەی هونەر تەنها کار لەسەر هەستەکان نەکات بەڵکو پرۆسەی بیرکردنەوە ببێتە جێگرەوە لە کاری هونەریدا، واتا مامەڵەیەکی هۆشەکی لەگەڵ کارە هونەرییەکەدا ڕوووبدات.

ث. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵەکان چڕ دەکرێتەوە لەسەر ئەو بابەت و گرنگیانەی کە گوتاری دیماتیاڵیزەیشن هەیەتی لەسەر کایەی هونەری خۆرئاوا و پەرینەوەی بۆ کاری هونەرمەندانی خۆرهەڵات و سەرنج چڕکرنەوە لەسەر تیۆری هونەر لەپاڵ کردە هونەریەکاندا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ج. هەوڵێکە بۆ ناساندنی چەمکی دیماتریاڵیزەیشن لەنێو کاری هونەرمەندانی هەرێمی کوردستان بەوپێیەی تاکو ئەمڕۆش بەشێوەی توێژینەوە خوێندنەوە بۆ کارەکان نەکراوە لەڕووی ئەم چەمکەوە.

ح. ئەم توێژینەوەیە سوودی دەبێت بۆ توێژەرانی دواتر کە دەبێتە یەکێک لە سەرچاوەکان دەربارەی ئەم بابەتە.

**2. ئامانجی توێژینەوە:** دەرخستنی میکانیزمی ڕاڤەی گوتاری دیماتریاڵیزەیشن لە هەرێمی کوردستان.

**3. سنووری توێژینەوە:** هەرێمی کوردستان- سلێمانی بە نموونە.

أ. **سنووری بابەتی:** ڕاڤەی گوتاری دیماتریاڵیزەیشن دەستنیشان بکرێت.

ب. **سنووری شوێن:** هەرێمی کوردستان.

ت. **سنووری ماوەیی:** ٢٠٠٨-٢٠١٧

## 4. دیاریکردنی زاراوەکان:

أ. **ڕاڤە وەک زاراوە :** دەرەنجامی نێوان دووانەی (گفتوگۆ/تواندنەوە) ی نێوان ئاسۆکانی ڕاڤەکار و خوێنەرانە لە ڕابردوودا. (عبدالغنی، ٢٠٠٨، ص.١٤٢) لەلایەکی دیکەشەوە (وبستر-Webster) لە فەرهەنگی نێودەوڵەتی سێهەمدا دەڵێت: "هێرمێنۆتیکا لێتوێژینەوەیەکی گشتییە بۆ تەفسیرکردنی پەرتووکی پیرۆز. ڕیشەی زاراوەی هێرمینۆتیکا (Hermeneutics) دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانی یۆنانی Hermeneia یاخود تەفسیر Interpretation، وا دیارە گەڕان بەدوای بنەچەی ئەم دوو دەستەواژەیە و سێ ڕێبازە سەرەکییەکە لە تەفسیرکردنی ماناکەیدا هەروەک لە بەکارهێنانە یۆنانیەکادا ئاماژەی بۆ کراوە، بە سوودە وەک پێشەکیەک بۆ تێگەیشتن کە (هێرمێنۆتیکا) بە مانا مۆدێرنەکەی" (صفاء، ٢٠٠٠، ص٢٣)

ب. **ڕاڤە وەک ڕێکار :** ڕاڤە بریتیە لە (هونەری خوێندنەوە) واتە شیکردنەوەی کۆدەکانی کاری هونەری و تاوتوێکردن و شیکردنەوەیان و بەدەرخستنی واتا شاراوەکانی.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ت. گوتار وەک زاراوە :** زاراوەی گوتار لای خۆرئاواییەکان نەسەقێکە یاخود سیستمێکە لە نیشانەی دال کە تایبەتە بە کەسەکانی کۆمەڵگەیەکەوە یاخود چەند گروپێکی ئەو کۆمەڵگەیە، گوتار کۆمەڵێک یاسای دەلالی زارەکی یان نوسین یان نیشانەگەلێکی گشتی لەخۆدەگرێت، گوتار قسەیەکی (ضمنی)یە نە ئاشکرایە نە هزریشە، بە جۆرێک هزر بەوە پێناسە دەکرێت کە چەمکێکی تیۆری ئەبستراکتە بەڵام گوتار مەحکومە بە نائامەدەیی (خود-نێرەر) و ئامادەگی (وەرگر)ێکیتر. (مختار، ص. ٣١-٤٦)

ئیمڵ بینفنیست (Emile Benvenuste) وا پێناسەی دەکات "هەموو وتراوێک پێویستە قسەکەر و گوێگرێکی هەبێت، ئامانجی یەکەمیان کارتێکردنە لەسەر دووهەمیان بەشێوەیەکی دیاریکراو." (سعدی، ١٩٨٩، ص.١٧)

بەپێی قاموسی هارتمان و ستۆرک (Hartmann and Stork): تێکستەکە مەحکومە بە یەکگرتنێکی هەمەکی و گشتگیری ئاشکرا، لە کۆمەڵێک دەربڕینی یەک بەدوای یەکدا پێکدێت لە کەسێکی قسەکەرەوە دەردەچێت کە پەیامێک دەگەیەنێت. (سعدی، ١٩٨٩، ص.٣١)

**ث. گوتار وەک ڕێکار:** گوتار وەدیهێنراوێکی هونەری دەلالیە نیشانەگەلیکی بینەیی یان بیستەکی یاخود فرە چەشنی لەخۆگرتووە مەبەستێتی پەیامێکی دیاریکراو بگەیەنێت بە وەرگر و کاری تێبکات.

**ج. دیماتریاڵیزەیشن وەک زاراوە:** لە ساڵی ١٩٦٨ لەلایەن لوسی لیپارد و جۆن شاندلەر کاری لەسەرکرا، دەستەواژەی دیماتریاڵیزەیشن ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەوەوە هەیە کە پێی دەڵێن هونەری ئاڵترا کۆنسێپچواڵ، هەروەها بەتایبەت جەخت لەسەر پرۆسەی بیرکردنەوە و بەشی هۆشەکی دەکات، وە لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی کە ئۆبجێکت بە تەواوی فەرامۆش بکرێت لە کاری هونەریدا. (Lucy, 1968) هەروەها بە واتا گشتێکەی، سیستەمی باوەڕی ئالتەرناتیڤە کە واز لە بوونی مادە بهێنێت، وەک لە خەیاڵی زانستی یان ڕۆحانیەتدا هەیە. (The Free Dictionary, 2023)

"دیمتریالیزەیشنی هونەر، ئەم چەمکە سەرەتا بەکارهات بۆ وەسفکردنی هونەرێکی دەرکەوتەی "ئاڵترا کۆنسێپچواڵ" کەئۆبجێکتە هونەرییەکان بە جەختکردنەوە لەسەر پرۆسەی بیرکردنەوە بەسەر ماتریاڵ-فۆرمدا گۆڕانیان بەسەردا هات." (Owen, 2016)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ح. دیماتریاڵیزەیشن وەک ڕێکار:** فۆڕمێکە لە کارکردنی هونەری کە هەوڵ دەدات هونەرەکانی پێش خۆی بخاتە ژێر پرسیارەوە، هەروەها جەختکردنەوەیە لەسەر نامادێتی یاخود سادەکردنەوەی کاری هونەری و گرنگیدان بە پرۆسەی بیرکردنەوە و ئەندێشە، بەو واتایەی هونەر وەک کردەیەکی دەرە-ئیستەتیکی کاری لەسەر بکرێت هەروەها ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ عەقڵی ئامادەبواندا ببەستێت.

## بەشی دووەم :

## توێژگەی یەکەم: (چەمکی ڕاڤە و گوتار)

"ئەگەر هێرمێنۆتیک (ڕاڤە) وەک چەمکێکی ڕەخنەیی، بە ئەندازەی دێرینی خودی دەقە ئاینییەکان، یاخود دەقە زمانەوانییەکان و دێرینی سەرەتای هەوڵەکانی شیکردنەوەیان لە میانەی کۆمەڵێک یاسا و پێوەرەوە، کە شیکەرەوە پەیڕەویان دەکات، دێرین بێت، ئەوا هێرمێنۆتیکا تیۆری ڕاڤەکردنی دەقەکانە، یاخود زانستێکە لە میکانیزمەکانی (تێگەیشتن) دەکۆڵێتەوە. ئەم زانستە لە هزری نوێی ڕۆژئاواییدا لە سەدەی حەڤدە (١٦٥٤)وە دەستی پێکرد، کاتێک لە بواری تێگەیشتنی دەقە ئایینییەکان جیابوونەوە بۆ ئەوەی ببێتە زانستێکی سەربەخۆ و تاوتوێی پرۆسەکانی تێگەیشتن و میکانیزمەکانی ڕاڤە بکات، بەڵام دواتر هێرمێنۆتیکا وەک میتۆد و چەمک و فەلسەفە پەرەی سەند و پراکتیککردنی پەلی هاویشت بۆ ناو بازنەی فراوانتر و کێڵگەی زانستە مرۆڤایەتیەکانی وەک مێژوو و فەسلەفە و ئەنترۆپۆلۆجیا و ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری و هتد، گرتەوە." (Makaryk, p.20).

پەرەسەندنی تیۆری ڕاڤەگەری (هێرمێنۆتیکا) بە چەند قۆناغێکی تایبەت و گرنگدا تێپەڕیوە بە نووسینەکانی فریدریک شلایەرماخەری (Friedrich Schleiermacher) ئەڵمانی دەستی پێکردووە، کە بە نوێنەری ڕاڤەی کلاسیکی ئەژمار دەکرێت، لە بازنەی لاهوتەوە گواستیەوە بۆ بازنەی زانست و هونەر کە بووە بناغەیەک بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوە، پێی وایە دەق لە ڕەهەندی بابەتی و دەروونی پێکهاتووە. دواتر ویلهێلم دیڵتی (Dilthey) ١٨٣٣- ١٩١١ دێت، کە پێی وایە هەموو مەعریفەیەک لەسەر ئەزموونێکی زیندوو وەستاوە، بەڵام هایدگەر (Heidegger) و گادامێر (Gadamer)ن، بە دیڵتی کاریگەر بوون، ئەوان لەسەر بنەمای بوونێک

کە دووره لە بیرۆکەی بوونی میتافیزیکی باڵا، پڕۆسەی تێگەیشتنیان دامەزراند. هەرچی بیرمەندە هێرمێنۆتیکە هاوچەرخەکانی وەک ئیمیلیۆ بیتی (E. Bitty) ئیتاڵی و پۆڵ ڕیکۆر (Paul Ricoeur) ی ئەمریکی، هەوڵیانداوە تیۆرێکی (بابەتی) بۆ شیکردنەوە دامەزرێنن. هێرمێنۆتیکاش کە لەسەر بنەمایەکی فەلسەفی دامەزرابوو، لەسەر دەستی ئەمان بوو بە (زانستی شیکردنەوەی دەق)، پۆڵ ڕیکۆر هەمیشە ئاماژە بە گرنگی سیمبوڵەکان دەدات، چونکە پێی وایە سیمبوڵ ناوەندێکی ڕوونە و دەربڕی ئەوەیە کە لە پشتێوەیەتی.

"بەڵام (هیرش) هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە جیاوازی هەیە لە نێوان مەبەستی دانەر و ئەو واتایەی کە لە دەقەکەدایە، ئەوەشی وەلاوەنا کە هەر بە تەنها جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە نووسەر مەبەستێتی، یاخود دەیەوێت گوزارشتی لێ بکات و داوای گەڕانی دەکرد بەدوای ئەو واتایەدا کە دەق گوزارشتی لێ دەکات و دەتوانین لەڕێگەی پشکنینی ئەو گریمانانەوە پێیان بگەین کە دەشێت کە لە دەقەکەدا هەبن، لەسەر هیرمێنۆتیکاش پێویستە بواری مەغزای دەق وازی لێ بێنێت بۆ خوێنەر، یان سەردەم یان ڕەخنەی ئەدەبی."( Makaryk, P.92). "بەم جۆرە هێرمێنۆتیکا بووە گەڕان بەدوای میکانیزمەکانی دەق و وەرگرتنی دەق لە ڕێگەی کۆمەڵێک چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و شارستانیەوە، کە بەراورد بە چوارچێوەی وەرگرتنی دەق، ئەوان دەقەکەیان بەرهەم هێناوە" (سیزا، ٢٠٠٢، ص. ١٢٦)

یەکێک لە جیاوازییەکانی نێوان شیکردنەوە و ڕاڤە (Hermeneutics) ئەوەیە، کە شیکردنەوە بریتییە لە ڕوونکردنەوەی واتا و مەبەست و چیرۆکی بابەتێک بە ووشەیەک یان زیاتر کە بە ئاشکرا دەلالەتی لێ بکات. بەڵام ڕاڤە لادانە لە واتای بابەتێک بۆ واتایەکی شیمانەکراو و گریمانەکراو، بەمەرجێک واتا شیمانەکراوەکە لەگەڵ واتای بابەتەکە گونجاو بێت.

وەرگر لە ڕاڤەکردندا هەوڵی بەرجەستەکردنی ڕاڤەیەکی شیمانەیی دەدات لە ئاسۆی چاوەڕوانی خۆیدا، بەڵام هەوڵدەدات لە ڕاڤەکەیدا خۆی بپارێزێت لە گوزارشتکردنی مەجازی خۆی، واتە نایەوێت واتایەک بدات کە بەرهەمە هونەرییەکە نامۆ بێت لە کارەکە بەپێی ڕەچاوکردنی فۆڕمەڵە بینەییەکە.

"تیۆری ڕاڤەکردن وەها سەیری دەقی (هونەری-ئەدەبی) دەکات، کە دەقێکی فرە ڕووە و یەک حەقیقەتی کرۆکیی نییە، بەڵکو بواری فرە واتایی لەخۆ دەگرن" (هانز، ١٩٨٨، ص.١٤١). واتە

تیۆری ڕاڤە و ڕاڤەگەراکان لەو باوەڕەدان کە واتای بەرهەمی هونەری ملکەچی گۆڕانی مێژووییە.

بەم هۆیەوە هەر دەقێکی ئەدەبی، کە لە سەردەمێکدا دەردەکەوێت بۆ ئەوەی بە واتا ووشەییەکەی وەرگر بدوێنێت لەسەر وەختێکی تردا دەبێتە دەقێک، کە ئەو واتایەی پێشووی هیچ بەهایەکی نییە، بەڵکو تەنها وەک دەقێکی مەجازی لێی دەڕوانرێت. زۆر دەقی لاهوتی لە پەیمانی کۆن (تەورات) و پەیمانی نوێ (ئینجیل) و هەندێک دەقی دیکەی فەلسەفەی یۆنانی، پەڕتوکەکانی سەردەمانی بوژانەوە و پاش بوژانەوەش ملکەچی ئەم تێڕوانینە کراون" (مایکل، ١٩٧٩، ص. ٢٦-٢٦٢). بەجۆرێک هەر خوێندنەوە و ڕەخنەیەک کە لە میانی تێوری ڕاڤەوە دامەزراوە خەسڵەتێکی دوو لایەنەی هەیە، چونکە لە کاتێکدا کە هەوڵی دۆزینەوەی واتای نوێی کارە هونەرییەکە دەدا، واتایەکی دیکە دەشارێتەوە، یاخود بە لایەنی کەمەوە وەلاوەی دەنێت. پاشان ئەو واتا نوێیەی ڕەخنە ڕاڤەگەراییەکە دۆزیویەتیەوە، بەتێپەڕبوونی کات دەگۆڕیت بۆ واتایەکی حەرفی، کە پێویستی بە ڕاڤەیەکی دیکەیە، واتە دەقی هونەری فۆڕمەڵەیەکە گەشە دەکات "بە دۆزینەوەی خوازە شاراوەکەی نێوی دەژی، ئەمەش لەگەڵ ئەو خاڵەدا هاوتا دێتەوە کە جاک دریدا (Derrida) باسی لێوە دەکات، لەو ڕووەوەی کە واتا شتێکە ناکرێت بچەسپێت و جەختی لێ بکرێتەوە، چونکە هەڵوەشاندنەوە واتای ئەوەیە هەر دەقێک لەناو خۆیدا گەلێک ئاماژە و واتای فەرهەنگی و زاراوەیی حەشار داوە، کە شایەنی شیکردەوە و ڕاڤە و سیستماتیزە کردنن، ئەمەش مۆرکی هەموو بەدیهاتوویەکی هزری ڕۆژئاواییە." (مایکل، ١٩٧٩، ص. ٢٦٥).

وەرگری ڕەخنەگر لە میانی باکگراوند وکۆد و دەلالەتەکانی نێو کارە هونەرییەکەوە خوێندنەوەکانی خۆی پشت ڕاست دەکاتەوە، بۆ نموونە فرۆید هەندێک لە کارەکانی (داڤنشی) وەها دەخوێنێتەوە کە گوزارشتێکی سایکۆیی دژوارە و پەیوەستە بە لایەنی منداڵی و گرێی دەروونیەوە وەک منداڵێکی نا شەرعی لە ڕووی ئاینی و جڤاکیەوە. هەروەها هەمیشە خوێندنەوەیەکی ئیستەتیکی و هونەری پەتی بۆ کارەکانی دەکات. واتە ڕەخنەگر لە میانی ڕاڤەکردنەکانیدا میتۆدێکی دیاریکراو پەیڕەو دەکات، بە جۆرێک کە هەوڵی تێکشکاندنی کۆدە داخراوەکانی نێو دەقی کارە هونەرییەکەیە، لە پێناو دۆزینەوەی (نەگوتراوەکانی) نێو کارە

هونەرییەکە لە میانی کارە هونەرییەکەوە. بە جۆرێک میتۆدی ڕاڤە و ڕاڤەگەراکان جەخت لەسەر چەند بنەمایەکی دیاریکراو دەکەنەوە لە خوێندنەوە و شیکارکردنی هەر کارێکی هونەریدا:

١-هەر کارێکی (ئەدەبی-هونەری) قەوارەیەکی سەربەخۆیە لە بەدیهێنەرەکەی.

٢- هەر بەدیهاتوویەکی (هونەری-ئەدەبی) ئەگەر چی گوزارشت لە دیدگای بەدیهێنەرەکەش بکات، بەڵام هەر ناتوانێت بوونێکی خوودی هەبێت، بەڵکو قەوارەیەکی بابەتیە وەک هەر بابەت و دیاردەیەکی دیکە.

٣- کاری هونەری وەک فۆرمەڵەیەکی بینەیی و ئیستەتیکیەکەی، حەقیقەتی خۆی بە واتا فەلسەفیەکەی لە خۆدەگرێت. ئەم حەقیقەتەش ئەو واتایە دێت، کە کارە هونەریەکە بانگەشەی دەکات. بەڵام ئەو بۆچوونەش دوورە لە ڕاستیەوە کە کاری هونەری لە دەرەوەی چێژی ئیستەتیکی خۆی هیچ بوونێکی نییە، چونکە ئەمیش وەک مێژوو و فەلسەفە جۆرە حەقیقەتێکی تێدایە، کە لەوانی دیکەدا نییە. (نصر، ١٩٩٢، ص. ١٤-٣٠).

٤- لە هەر کارێکی داهێنراوی ئەدەبی و هونەریدا فۆرم تەنها پێگەیەکی میانگیری هەیە لەنێوان هونەرمەند و وەرگردا. ئەم نێوانگیریەش خاوەنی چاسپاوییەکە کە وادەکات وەرگرتنەکەی لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی دیکە، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە پرۆسەیەکی مومکین و دووبارە بووەوە و گۆڕاو بێت، حەقیقەتە شاراوەکەی نێویشی چەسپاو نییە و بەپێی گۆڕانی وەرگرەکە دەگۆڕیت.

واتە هەر کارێکی بینەیی بەدیهێنراو، سنوورە بەشەکیە تایبەتی و مێژووییەکەی خۆی تێدەپەڕێنێت و بەرەو چوارچێوەیەکی گشتی هەمەکی مرۆیی هەنگاو دەنێت. بە هەمان شێوەش نکۆڵی لەوەش ناکریت کە هەڵوێستی ڕاڤەکەر هۆکارێکی کاریگەرە بۆ تێگەیشتنمان لە کارەکە و مەرجی هەر ڕاڤەکردنێکی دیکە (نصر، ١٩٩٢،ص. ٤٣-٤٦).

ڕاڤە و ڕاڤەکار، جەمسەرێکی هاوشێوەی جەمسەری دەق و جەمسەری هونەرمەندە لە گرنگی بەدەستهێنانی واتای هەر کارێکی هونەریدا. مشتومڕی نێوان پەیامی کاری هونەری و وەرگر لە میانی ئاڕاستەکردنی (کۆد)ە وە، بە جۆرێکە کارە هونەرییەکە لە پێناو گەیاندنی گوتارە بینەییەکەیدا، چەندین کۆد پەخشدەکاتەوە هەر کۆدێکیش گرنگی خۆی لە پەیوەندی لەگەڵ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆدەکانی دیکەی ناو کارە هونەرییەکەوە وەردەگرێت. بەجۆرێک بانگەشەی ئاسۆی چاوەڕوانی وەرگر دەکات لەپێناو بەدەرخستنی واتا شاراوەکانی نێو کارە هونەرییەکە. هەر وەرگرێکیش واتایەکی جیاواز لەنێو سیاقی کارەکەدا دەدۆزێتەوە، بەمەش چەندین ڕاڤەکار هەوڵی بەدەستهێنانی واتای جیاواز دەدەن بەجۆرێک میتۆدە ڕەخنەییە مۆدێرنەکان (هەژموونی وەرگر) فەراهەم دەکەن کە دەسەڵاتی گوتنی ئەوەی هەبێت کە هونەرمەند نەیگوتووە. ئەمەش بەمانای (مردنی دانەر) دێت. دەقی هونەری فرە واتایە بەهێندەی ژمارەیی خوێندنەوەکان بە شێوەیەک بەدەستهێنان و کەشفکردنی مەبەستی هونەر کارێکی گرانە و ڕەنگە هەندێک جاریش ئەستەم بێت.

## توێژگەی دووەم : دیماتریاڵیزیشن (چەمک و ژێدەر و سەرهەڵدان)

دیماتریاڵیزەیشن (Dematerialization) وەک چەمکێکی نوێ لەنێو کایەی هونەردا سەرهەڵدەدات لەلایەن ڕەخنەگرانی هونەر (لوسی لیپارد و جۆن چاندڵەر) دەناسێنرێت. "ڕەخنەگرانی هونەر (Lucy Lippard And John Chandler) لوسی لیپارد و جۆن چاندڵەر لە وتارێکیاندا بەناوی دیماتریەلایزکردنی هونەر لە ژمارەیەکی گۆڤاری (Art International) کە لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٦٨ دەرچوو، پێشبینی داهاتوویەک دەکەن کە تێیدا ئۆبجێکت بوونی نییە و باسی هونەرێکی (Ultra-Conceptual) دەکەن کە دەرکەوتووە، تێیدا چیتر پێویست بە ستۆدیۆ ناکات وەک جێگایەک بۆ بەرهەمهێنانی ماتریاڵ، لیپارد و چاندلەر دێن، گفتوگۆ لەبارەی کاری دوو هونەرمەندەوە دەکەن کە لە ئێستادا و لەم سەردەمەدا کارەکانیان بە ئەفسوناوی



شێوەی ژمارە (١)




شێوەی ژمارە (٢)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەبینرێن، یەکێکیان زنجیرە هێڵکارییە نەخشەییەکانی هان داربۆڤێن (Hanne Darboven)ە، وەک لە شێوەی ژمارە (١) دیارە و ئەوی دیکەشیان پێناسە تایبەت و جیاوازەکانی جۆسێف کۆسوث (Joseph Kosuth)ە، وەک لە شێوەی ژمارە (٢) دیارە، کە دواتر هەردووکیان دەبن بە نموونەی هونەری کۆنسێپچواڵ. لیپارد و چاندلەر ئەم گۆڕانە ڕادیکەڵەیان ناو لێنا (دیماتریاڵیزەیشن)" (Owen, 2017).

تێری ئاتکنسن (Terry Atknson) دەڵێت: "فەرهەنگی ئینگلیزی ئۆکسفۆرد پێناسەی دیماتریاڵیزەیشن بەوە دەکات کە "دابڕانە لە کوالیتییە ماددییەکان". درووستە لێرەدا مادەش بەوە پێناسە بکەین: کە فۆرمێکی تایبەت و (دیاریکراوی) ووزەیە کە ڕەوشتی بارستایی و کێشی هەیە لە کاتدا، کە لەڕێیەوە دەتوانین پەیوەندی دروستبکەین لەگەڵ هەستە جەستەییەکانماندا. زۆر سادەتریش دەبێتەوە کاتێک کە قەوارەیەکی ماددە دیماتریەلایز دەبێت، هەروا بەئاسانی نابێتە نەبینراو (Invisible)، بەڵکو دەبێتە قەوارەیەک کە بە هیچ یەکێک لە هەستەوەرەکانمان هەستی پێناکرێت. هەر کە سیفەتەکانی ماددەی لێ لابرابێت، ئەوا بەسادەیی قەوارەی نییە و نامادەیە" (Alexander, 1999, P.53). "هەرچەندە دەستەواژەی دیماتریاڵیزەیشن هەوڵ دەدات لەگەڵ سەرهەڵدانی (Net Art)دا دەربکەوێت کە دەورووبەری ساڵانی (١٩٩٠) ەکان بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێشکەوتن لە گەڕان بەدوای ئیماتریاڵێتیدا (Immateriality) پرۆسەیەکی بەردەوام پیشان دەدات کە دەستپێکەکەی لە ئاڤانتگاردی مێژووییەوە (Historical Avant-Gard) دێت و لەگەڵ کۆنسێپچواڵیزمیشدا دەگاتە ترۆپکی خۆی (Batet, 2022). ئەم چەمکە تەنانەت چووەتە ناو فەرهەنگ و ووشەسازی ڕەخنەگری بەناوبانگی هونەری نیو نیۆرک تایمز، ڕۆبێرتا سمث(Roberta Smith) کە لە ستایشی پێشانگەکەی ساڵی ٢٠١١ دەڵێت: "پێشانگەی (دیاردە: ڕووناکی، پانتایی و ڕووکاری کالیفۆرنیا)



شێوەی ژمارە (٣)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(Phenomenal: California Light, Space, Surface)،دیماتریەلایزی پــەیــکــەرســـازی (Finis Fetish)کــردو بەســــتویـەتیـەوە بە(Ethereal) ە مــەعــریــفییەکانی هونەری ڕووناکی و بۆشاییەوە (Light And Space Art ) (Roberta, 2011). بڕوانە شێوەی ژمارە (٣). هەروەها لیپارد دەڵێت: "لە ماوەی ساڵانی (١٩٦٠)ەکاندا، پرۆسەی دژە-ڕۆشنبیریە -Anti) Intellectual) سۆزەکی و هەستەکیەکان لە درووستکردنی کاری هونەریدا، وەک تایبەتمەندییەکی دوو دەیەی ڕابردوو، بوونە هۆی دەرخستنی هونەرێکی ئەلترا کۆنسێپچواڵ(Ultra-Conceptual) کە بە شێوەیەکی دیاریکراو جەختی لەسەر پرۆسەی بیرکردنەوە دەکردەوە. هەروەک چۆن کاری هونەری زیاتر و زیاتر لەناو ستۆدیۆدا دیزاین دەکرێت بەڵام لە شوێنێکی دیکە و لەلایەن پیشەگەرەکانەوە تەواو دەکرێن (نمایش دەکرێن)، کاتێک بە تەنها ئۆبجێکتەکە دەبێت بە بەرهەمی کۆتایی کارێکی هونەری، ژمارەیەک لە هونەرمەندان ئارەزوویان بۆ لایەنی گەشەکردنی مادیی و (فیزیکی) کاری هونەری لەدەست دەدەن و بایەخی پێ نادەن "(Lucy, 1968). ئەم بانگەشەیەش بۆ هونەر، پشتبەست بوو بە کار و چالاکیەن بەردەوامــەکــانــی هــونــەرمەندەکە کۆنسێپچواڵەکان کە لایەنگری جۆرێک لە هونەر بوون کە تێیدا بیرۆکە بووبوە خاڵی سەرنجیان، وەک سۆل لویت (Sol Lewitt) دەڵێت: "بیرۆکەکان بەتەنها دەتوانن کارێکی هونەری بن؛ بیرۆکە لە زنجیرەیەک پەرەسەندندایە کە ڕەنگە لەکۆتاییدا خۆی جۆرێک لە فۆرمی خۆی بدۆزێتەوە. هەموو بیرۆکەیەک پێویست ناکات بە فیزیکی بکرێت" ,Mark) (1997, P.109 هەروەها دەڵێت: "هونەری کۆنسێپچواڵ دەیەوێت لەڕووی عەقلیەوە پەیوەندی درووست بکات لەگەڵ وەرگروەک لەوەی لەپەیوەندیدابێت لەگەڵ چاوو هەستەکانیاندا (Alexander, 1999, P.15).بڕوانە شێوەی ژمارە (٤) هەربۆیە هەوڵەکانیان بۆ دەرخستنی پرسی هونەرێکی ئاڵتەرناتیڤ بوو لەبەرامبەر ئەو هونەرانەی کە لەڕیگەی دامەزراوەکانەوە ئاراستەیان وەرگرتووە. لەلای جۆزێف کۆسۆث (Joseph Kosuth)


شێوەی ژمارە (٤)

"ماتریاڵەکان بەربەست بوون و هونەر پێویست ناکات تەنانەت لە ماتریاڵی زمانەوانیش (Material Linguistic) بەرهەم بهێنریت، هەرچەندە خۆی بەردەوام بەرهەمی دەهێنا بە ئیلهام وەرگرتن لە "پۆزەتیڤیزمی لۆجیکی" هونەرەکەی کۆسۆث "دەربڕینێکی ئەناڵتیکی"(Analytic) بوو، بە کەڵک وەرگرتن لە بیرۆکە گرینبێرگییەکان بۆ سەربەخۆیی هونەر(Art Autonomy) تەنها بۆ خۆی دەگەڕێتەوە (واتە هونەر تەنها ئاماژە بە هونەر دەکات)، هەرچەندە ئێستا لە گرێی ناوەندی فیزیکی ڕزگاری بووە؛ خودلێپرسینەوە (Auto-Interrogation) میدیەم بووە تاکە ئایدیای هونەر"(Zoë, 2016, P.88) "لەگەڵ شێوازە جۆراوجۆرەکانی بەکارهێنانی ووشەکان لە هونەری کۆنسێپچوەڵدا یەکێکە لە مەرجە سەرەکیەکانی بەهێزکردنی پرۆسەی دیمەتریالیزەیشن کە بە نزیکەیی لە هەموو نموونەیەکی کارە هونەرییە کۆنسێپچوەڵە ۆرد-بەیسد'ەکاندا دەبینرێت و یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەوان پێکدێنێت. لەسەر ئەم بنەمایانە، کارە هونەرییە ۆرد-بەیسد'ە کۆنسێپچوەڵەکان هەڵسەنگێنراون. لەبەرئەوەی (جۆزێف کۆسۆث، ڕۆبێرت باری، لۆرنس واینەر) هونەرمەندانی دیاری قۆناغی یەکلاکەرەوەی هونەری کۆنسێپچوەڵ بوون، کە ئەوانیش ووشەیان وەک ماتریاڵی هونەری بەکارهێناوە"( Kemal, 2011, P7). هەربۆیە لێپارد پێی وایە: "ستۆدیۆ دووبارە دەبێتەوە بە ستەدیەک ( واتە دەبێت بە خوێندن). ئەم ڕەوتە وا دەردەکەوێت کە ببێتە هۆی وروژاندنی دیماتریاڵکردنی هونەری، بەتایبەتی هونەر وەک ئۆبجێکتێک، وە ئەگەر ئەمەش بەردەوام زاڵ ببێت، لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی کە ئۆبجێکتەکە بە تەواوی کۆن ببێت (یان لە گەشەکردن بوەستێت)" (Lucy,1986) "هەرچەندە هونەری کۆنسێپچواڵ لە مینیمالیزمەوە (Minimalism) سەری هەڵدا، بەڵام بنەما بنچینەییەکانی زۆر جیاواز بوون، بە تیشک خستنەسەر ئەوەی کە بە شێوەیەکی قبوڵکەر کراوەیە، بە پێچەوانەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مینیمالیزمەوە کە بە شێوەیەکی ناپەسەند خۆپارێز و سەربەخۆ بوو. ئەگەر مینیمالیزم بە فەرمی ئەوەی دەربڕیبێت کە "کەم زۆرە"؛ (Less Is More)، کۆنسێپچواڵ ئارت پێی وایە کە "زۆر لەگەڵ کەمدا"، بەمەش کۆنسێپچواڵ ئارت نوێنەرایەتی کرانەوەیەکی کرد دوای ئەوەی مینیمالیزم بە ڕووی دەربڕینخوازی (Expressionism) و زیادەڕۆیی هونەری پۆپ (Pop Art)دا داخرا. هەروەک ڕۆبەرت هوت (Robert Hout) لە بەشێکی بیل-بۆردێکدا ساڵی (١٩٧٧) دا نوسی: "کەم زۆرە، بەڵام بەس نییە (less is more but it's not enough)" (Lucy, 1997, P xiii). وەک لە شێوەی ژمارە (٥) دیارە. (مینیماڵیزم) بە خۆلادان لە بەها ئەیستاتیکیەکانی ئۆبجێکت خۆی دەپارێزێت بۆ هەرچی زیاتر پەیوەندی دروستکردنێکی هزری لەبەرامبەر لایەنی بینەیی کارەکاندا. "وەک بەڵگەیەک بۆئەوەی کە دیماتریالیزم دەستی پێکردووە، لیپارد ئاماژەی بە جوڵانەوەی وەک ڕووناکی و بۆشاییدا، کە بە سروشت بینەین، بەڵام لەسەر ئۆبجێکت بەند نییە (Non-Object-Base)، هەروەها مینیمالیزم، کە بە قوڵی ئۆبجێکتە ئەیستاتیکیەکانی کەم کردەوە. لیپارد پێی وابوو کە ئەو جوڵانەوانە گرنگی لایەنی بینراوی کارێکی هونەری کەم دەکەنەوە، لایەنی بینەیی زیاتر بە خاڵێکی لادان پێناسە دەکات بۆ بەرەو ئەزموونێکی نامادی و فکری" (Barcio. P, 2017). پاش ئەوەی لیپارد و چاندڵەر ئاماژە بە کەمکردنەوە و نەهێشتنی ماتریاڵ دەکەن وەک یەکەیەک لە کاری هونەریدا و ئەو بەرهەڵستیە توندەیان لەپێناو دابڕان لە لایەنە ماتریاڵیەکانی کە دەیەوێت ماتریاڵ سەرنجڕاکێش بێت، دەگەڕێنەوە سەر بنەما ئەیستەتیکیەکانی هونەر لەپێناو شیکردنەوە و کەڵک وەرگرتن بۆ ئەو قۆناغەی ئەوان تێیدا باسیان لە دیماتریاڵیزەیشنی کاری هونەری دەکرد، بۆ ئەمەش دەگەڕێنەوە سەر کتێبی (بنەما بیرکاریەکانی هونەر) (Mathematical Bases Of The Art)ی جۆزێف شیلینگەر (Joseph Schiliger)، کە تێیدا پەرەسەندن و وەرچەرخانی مێژوویی هونەری دابەش کردووە بۆ پێنج قۆناغ. "لیپارد ئەو چەمکە



شێوەی ژمارە (٥)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بنەڕەتییانەی کە لە دیماتریالیزەیشنی هونەر باسی کردووە، لەو بیرۆکانەوە بنیادیناوە کە بۆ یەکەم جار لە کتێبی "بنەما بیرکارییەکانی هونەرەکان"دا باس کراوە و لەلایەن وێنەکێشی ئەمریکی "جۆزێف شیلینگەر"ەوە نوسراوە. لەو کتێبەدا، شیلینگەر هەموو مێژووی هونەری بۆ پێنج جۆری دیاردەی ئەیستەتیک دابەش کردووە". (Barcio. P, 2017)"١- قۆناغی پێش-ئەیستەتیک (Pre-Aesthetic) کە قۆناغێکی بایۆلۆجی لاساییکەرەوەیە.٢- قۆناغی ئەیستەتیکی ترادیشناڵ (Traditional Asthmatic) هونەرێکی جادوویی نەریتی-دینی (ڕێورەسمی ئاینی). ٣-ئەیستەتیکی عاتفی-هەستیاری (Emotonal Aesthetic) دەربڕینێکی هونەری بۆ هەستەکان، دەربڕینی خودی، هونەر لەپێناو هونەردا. ٤- ئەیستەتیکی عەقڵانی (Rational Aesthetic) کە تایبەتمەندە بە ئەزموونگەری (ئیمپیریسیزم)، هونەری ئەزموونی (واتە تاقیکردنەوەی زانستی و ئیکسپێرمێنت)، هەروەها هونەری ڕۆمان (نۆڤڵ). ٥- هونەری زانستی، پاش-ئەستاتیک؛ کە ئەگەری دروستکردن و دابەشکردن یاخود (بڵاوکردنەوە) و بەکارهێنانی بەرهەمێکی هونەری تەواو دەخولقێنێت" (Joseph, 1943, p.17)، قۆناغی پێنجەم تایبەتمەندە بە تێکەڵکردنی (فۆڕم) و (مەتێریاڵ)ە هونەرییەکان، وە لە کۆتاییشدا شیبوونەوەی (هەڵوەشانی یان پارچەبوونی) هونەر، "ئەبستراکت" و ئازادبوونی بیرۆکە (ئایدیا). "بە پشت بەستن بەم چوارچێوەیە، دەکرێت ئێستا لە چەرخێکی جووڵاوی (واتە جێگیر نییە و لە گۆڕاندایە) نێوان دوو دۆخی کۆتاییدا بین، هەرچەندە ئەستەمە یەکێکیان (بە مانای ووشە) بە کۆتا قۆناغەکان دابنرێت، کە هونەرە بینەییەکان پیایدا تێپەڕ دەبن. لە دوای پرۆسە هزرییەکانی دروستکردنەوەی واقعە ئەستاتیکەکان لەرێی خودی جەستەی مرۆڤەوە، پرۆسەی دووبارە بەرهەمهێنانەوە (Reproduction) یان لاساییکردنەوە، هەروەها لۆژیکی ماتماتیکی دێنە ناو هونەرەوە" (Lippard, 1968). هەروەها (جۆزێف کۆسۆث) لە کتێبی هونەر پاش فەلسەفە (Art After Philosophy)دا دەڵێت: "بنچینە ئیستاتیکییەکان بەڕاستی هەموو کات نامۆن بە ئیشی (Function) ئۆبجێت یان (هۆکاری بوونی). مەگەر بێگومان هۆکاری هەبوونی ئۆبجێکتەکە بە تەواوی بە مەبەستی ئیستاتیکی بێت. نموونەی ئۆبجێکتێکی تەواو ئیستاتیکی ئۆبجێکتێکی ڕازێنراوەیە، چونکە ئەرکی سەرەکی ڕازانەوە و دێکۆرەیشن بۆ ئەو مەبەستەیە کە "شتێک زیاد بکەیت لەپێناو زیاتر سەرنجڕاکێشان و ڕازانەوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئۆبجێکتەکە" کە ئەمەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە چێژەوە هەیە. ڕاستەوخۆ دەمانبات بەرەو هونەری فۆرمالیست و ڕەخنە" (Kristine, 2012, P.97). "هونەری فۆرمالیست واتە (تابلۆ و پەیکەر) پێشڕەوی دێکۆرەیشنە، ئەگەر توندتر قسە بکەین، دەتوانیت بە شێوەیەکی لۆجیکی بیچەسپێنیت کە دۆخی هونەرەکەی ئەوەندە لاوازە و مەرجی هونەریان زۆر کەمە  لەبەر ئەوە بە هیچ شێوەیەک نایەتە نێو خانەی هونەرەوە، بەڵکو ئەمە مەشقە لەنێو کایەی ئەیستاتیکادا." (Joseph, 1991, P.17).

دیماتریالیزەیشن لەپاڵ ئەوەی کە خواستەکانی بۆ کاری هونەری، ئەو خۆپارێزیە توندەیە لەبەرامبەر ئۆبجێکتی ڕازاوەدا، هەروەها هەوڵدان بۆ زیاتر و زیاتر کەمکردنەوەی بەهای ماتریاڵ لەپێناو دوورخستنەوەی لە بەها ئەیستاتیکیەکەی، گرنگیدان و لەبەرچاوگرتنی پرۆسەی ئەندێشەکردن لە بەرامبەر کارە هونەریەکاندا، کە بە خاڵێکی بنەڕەتی هەژمار دەکرێت لەو سەردەمەدا و لەنێو کاری هونەرمەندە کۆنسێپچواڵەکاندا. خاڵێکی دیکەش ئەوەیە هونەر وەک کردەیەکی دیاریکراو بناسێنرێ لەدەرەوەی (کاڵا)، بۆئەوەی چیتر هونەر لە بازرگانی گشتی بپارێزرێت، کە ئەمەش ئەو پرسیەیە کە لیپارد و چاندڵەر لەنێو کتێبی (شەش ساڵ) بە روونی ئاماژەیان پێداوە. "ئەم ڕەخنەگرانە پێیان وابوو کە دەکرێت لە ڕێگەی دیماتریالیزەیشنەوە، هونەر دەربازی بێت لە بەکاڵابوون چونکە بەم جۆرە بازرگانەکان توانای ئەوەیان نابێت هونەر وەکو بیرۆکە بفرۆشن." (Owen, 2017).

لیپارد دەڵێت "هیوای ئەوەی هونەری کۆنسێپچواڵ بتوانێت خۆی لابدات لە (بە بازرگانیکردنی گشتی)، کە ڕێگایەکی وێرانکەری پێشکەوتنخوازی مۆدێرنیزم بۆ زۆرێک لە بەشەکان هیچ بنەمایەکی نەبوو. وادیار بوو لە ساڵی ١٩٦٩، هیچ کەس، تەنانەت هیچ چاوبرسیەتیەکی جەماوەری بۆ تازەگەری پارەی نەدەدا، یان ئەوەندەی نەدەدا بە پەڕەیەکی فۆتۆکۆپی (زیرۆکس پەیپەر) کە ئاماژە بە کاتێکی (ڕووداوێکی) تێپەڕبوو بکات یان ڕاستەوخۆ بەری نەکەوتبێت و هەستی پێ نەکردبێت (واتە نەیدیبێت)، پارەیان نەدەدا بە کۆمەڵە فۆتۆیەک کە دۆکیمێنتی حاڵەتێک یان دۆخێکی تێپەڕیوو و بەسەرچووی کردبێت، یان بە پرۆژەیەک کە هەرگیز تەواو نەکرابێت، یان بە قسەگەلێک کە کرابن و تۆمار نەکرابن؛ بەو هۆیەوە ئەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هونەرمەندانە وایان لێدەهات بەزۆر لەژێر ڕکێفی کاڵا و بازاڕ دەهاتنە دەرەوە و ئازاد دەبوون." (Alexander, 1999, PP. 294-295).

چوونکە "کۆنسێپچواڵیزمی سەرەتایی ئەمریکا زیاتر لەخەمی بازاڕ و بیرۆکراسی و دامەزراوە کلتورییەکاندا بوو، لەوانەیە، بەتاییەت لەبەر ئەوە بووبێت کە درکیان بە هەژموونی بازاڕ کردبێت. بە درێژای ساڵانی شەستەکان، پلە بەرزبوونەوەی هونەرەکان بەفەرمی دەکران و یەکەمین دامەزراوەی هونەری فیدراڵ بەناوی "خەڵاتی نێو نەتەوەیی بۆ هونەرەکان" (The National Endowment of Arts)لە ساڵی ١٩٦٥ بە ئەجێندا و بەرنامەیەکی نێودەوڵەتییەوە دامەزرێنرا. " (Zoë, 2016, PP. 86-87). پەرۆشی دژە-دامەزراوەییەکان لە ساڵانی (١٩٦٠) ەکاندا تیشکی خستە سەر نا-میتۆلۆجی کردن (Demythologization) و نا-کاڵاکردنی (De-Commodification)هونەر، لەسەر پێویستی بۆ هونەرێکی سەربەخۆ (یاخود هونەری جێگرەوە- ئەلتەرناتیف) کە نەتوانرێت بکرِدرێت و بفرۆشرێت لەلایەن ئەو کەرتە چاوچنۆکەوە کە خاوەنی هەموو ئەو شتانە بوو کە جیهانی بەکاردەهێنا و جەنگی ڤێتنامی هاندەدا (بەرزدەکردەوە)." (Lucy, 1997, P. xiv).

## ئاماژەکانی چێوەی تیۆری:

١-ڕاڤەی (هێرمێنۆتیک) نەخشەیەکی شیکارییە بۆ ڕزگارکردنی (هزر) لە وەهمی تەحەکوم، لەپێناو ئاشکراکردنی لەیەنی شاراوەی دەق هاتووە بۆ وەرگر.

٢- پرۆسەی ڕاڤەکردن جیاوازە لە پرۆسەی (شیکردنەوە) کە تەنها واتایەکی جێگیر و ڕەها دەدات بەدەستەوە، بەڵام ڕاڤەکەری گەمەیەکی ڕاڤەییە کە دەست بەسەر بەرهەمهێنانی واتاکەن یاخود بێسنووری مانادا دەگرێت.

٣- پرۆسەی ڕاڤەکردن و ڕاڤەکردن و خوێندنەوەی هەر کارێکی هونەری بینەیی لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە دەگۆڕێت بەپێی هزر و فەلسەفە و دیگای سەردەمەکان، لەبەر ئەوە (دەق) هەمیشە ئاوەڵایە لەبەردەم (خوێنەری وەرگردا).

٤- هونەری دیماتریاڵیزەیشن وەک چەمکێکی هونەری و هزری نێو هونەری هاوچەرخ لە هەوڵە بینەییەکانیدا نەخشە ڕێگەی وەلاوەنان و دابڕان دەدات لە کواڵتییە ماددیەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٥- دیماتریاڵیزەیشن وەک هزر و دیدگا و ئاڕاستە، پرۆسەیەکی دژە رۆشنبیرییە سۆزەکی و هەستەکییەکان لە میانی بەدیهێنانی هەر کارێکی هونەریدا.

٦- لە پلەی یەکەمدا دیماتریاڵیزەیشن جەخت لەسەر پرۆسەی بیرکردنەوە و هزراندنی فەلسەفەی هونەر دەکاتەوە کە لە میانی عەقڵەوە بانگێشتی وەرگر دەکات.

## بەشی سێیەم :

## بەجێهێنانی توێژینەوە:

١-**کۆمەڵگەی توێژینەوە**: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە کارەکانی هونەرمەندان (سامی حەمە موئمن، شیروان فاتح غەفوور، رێبین مەجید، رەنج حیکمەت) کە بەرهەم هاتوون لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٨-٢٠١٧) دا، لەبەر زۆری ژمارەی کارەکان توێژەر چوار لە کارەکانی هونەرمەندانی هەڵبژارد چونکە وەڵامدەری ئامانجی توێژینەوەکەن و کارەکانیش نوماینەدەی تەواوی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەنوێنێت.

٢-**نموونەی توێژینەوە:** هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکە شێوازێکی سنووردار و بەمەبەست کراوەکە بگونجێت لەگەڵ ئەو گوتارەی کە لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە بنەڕەتییەکەدایە، هەر چۆن هاووتەریب بێت لەگەڵ ئەو مەرجانەی کە دەبێت لە نموونەی توێژینەوەکەدا هەبێت ئەویش لەبەر دووبارە نەبوونەوە و ووردبینی لەبەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکەدا.

٣-**ئامرازی توێژینەوە:** لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە و دۆزینەوە ودەرخستنی خواست و تایبەتمەندییەکانی ئاستەکانی ڕاڤەکردنی گوتاری هونەری دیماتریالیزەیشن لە هەرێمی کوردستاندا، توێژەر پشتی بەستووە بەو پێوەرە ئاماژەییە هونەری و بابەتیانەی کە لە کۆتایی چوارچێوە تیۆریەکەدا پێی گەشتووە بە جۆرێک کە ئامرازێک بن بۆ ئەم توێژینەوەیە بە میکانیزمێک کە پشت بە میتوێدی وەسفی شیکاری دەبەستێت بەم جۆرەی لای خوارەوە.

آ-چاوپیاخشاندن.    ب-ژێردەر و ناوەڕۆک.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٤-ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریەکان:**

آ-توێژەر پشتی بەستووە بەو کارانەی لە گۆڤارە هونەری و ڕۆشنبیرییەکاندا چاپ و بڵاوکراوەتەوە و باس لە هونەرمەندان دەکەن، چونکە لەم هونەرمەندانە کارەکانیان بە دۆکۆمێنتکراوی لە گۆڤارە هونەریەکاندا بڵاوکراونەتەوە.

ب. توێژەر پشت بەست بووە بە کۆمەڵێ سەرچاوەی جیاواز وەک ماڵپەڕی ئەلکترۆنی تایبەت بە هونەرمەندانی پەیجی سۆشیاڵ میدیا کە کاری هونەرمەندان بە باشی نمایش کردووە.

**٥- میتۆدی توێژینەوە:** توێژەر (میتۆدی وەسفی شیکاری) وەک میتۆدێک بۆ توێژینەوەکە بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوەی کارە هونەریەکان، چونکە گونجاوترین میتۆدی زانستیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە لە کاتی ڕاڤەی نموونەکاندا. لێکۆڵینەوەی وەسفی شیکاریە بۆ شێوە نموونەکانی توێژینەوەکە: شیکاری شێوە نموونەکان بەجۆرێکن هەر کارێکی هونەری بە جیا و سەربەخۆ شیکار دەکرێت بە مەبەستی دیاریکردنی ژێدەر و ناوەڕۆکی ڕاڤەی شیکاریەکان.

نموونەی (١)



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**چاوپیاخشاندن:**

ئەم کارە پێکهاتووە لە سێ نێوەندی کارکردنی جیاواز، ئەوانیش پێرفۆڕمانسێکی زیندوو( Live Performance)، کە لەنێو (قوتابخانەی بەمۆی سەرەتایی) واتە سپەیسێکی کراوەدا ئەنجامدراوە کە کارێکی هەرەوەزی فراوانە لەنێو قوتابیاندا کە زۆربەی قوتابیانی ئەم قوتابخانەیە بەشدارن، هەروەها دۆکیۆمێنتکردنی لەڕێگەی ڤیدۆوە، پاشان دەرئەنجامەکەی کە پێشاندانی لاستیکەکانە لەسەر زەوی وەک کارێکی ئینستەڵەیشن. ئەم کارەش کۆکردنەوەی ژمارەیەک لاستیکی خەت کوژاندنەوەیە لە لایەن هونەرمەندەکەوە لە شەش پۆلی جیاواز لەنێو قوتابخانەیەکدا لە شاری سلێمانی، ئەمانەش لەلایەن خوێندکارانی سەرەتاییەوە بەکارهاتوون. لەیەکەم بینیندا  بینەر بەر ئەنجامی کۆتایی کارەکە دەکەوێت کە ژمارەیەک لاستیکی هەمەجۆرە، لە ڕووی قەبارە و ڕەنگیانەوە جیاوازن، کە دابەش بوون بەسەر شەش

| نمونەی ١ | |
|---|---|
| ناوی هونەرمەند | شیروان فاتح غەفور |
| ناوی بەرهەم | لاستیک |
| ساڵی بەرهەمهێنان | ٢٠٠٩ |
| میدیۆم | پەبلیک پێرفۆڕمانس، ڤیدیۆ دۆکیۆمێنتەری، ئینستەڵەیشن. |
| شوێنی نمایش | هۆڵی مۆزەخانە، گەلەری شۆو ڕووم لە بەریتانیا، فیستیڤاڵی ئالتەرناتیڤا |
| خاوەندارێتی | هونەرمەند |

کۆمەڵەدا، کە ئەم کۆمەڵانەش بە ئاسۆیی یەک لە دوای یەک ڕیزکراون کە نوماینەدەی شەش پۆلی قوتابخانەکە دەکات.

**ژێدەر و ناوەڕۆک:**

بونیادی کارەکە دەربڕینێکی ئاڕاستەکراوی واتایە لە ڕێگەی ئۆبجێکتی سادەی وەک لاستیکەوە، کە لە شەش پۆلی جیاوازی قوتابخانەیەک لە سلێمانی کۆکراونەتەوە. ئەمەش بەرهەمهاتووی خوودی هونەرمەندەکە نییە، بەڵکو لە ڕێگەیەوە هەوڵێکە بۆ دەستخستنی واتا لەلای بینەر کە چەند ڕەهەندێکی فرە لە خۆدەگرێت. هونەرمەند دەیەوێت لەڕێگەی ئەم ئۆبجێکتە سادانەوە کە ئامرازێکن بۆ سڕینەوەی هەڵەی نووسینی قوتابیان، کە لە گوتاری دیماتریەڵایزەیشندا ئاماژە بۆ ئۆبجێکتی سادەی دەرە ئەیستەتیکی و دوور لە ڕازاندنەوەی هاوشێوەی ئەم ئۆبجێکتەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هونەرمەند کراوە، بمانخاتە بەر پرسیارگەلێکی دیکەی پەیوەست بە کێشەی پەروەردەوە وەک ناوەندێکی بنەڕەتی فێرکاری، لەوێشەوە بۆ هەموو ئەو کێشە ئاڵۆز و فراوانانەی کە لەم ناوچەیەدا ڕوودەدەن و ڕووبەڕووی دەبینەوە وەک هەڵەی گەورەکان، هەروەها دەست خستنەسەر ئەو گرنگیەی کە چۆن پەروەردە کاریگەری دەبێت و تاکەکان دەگۆڕێت و بە جۆرێک کە لە ڕێگەیەوە بنچینە کۆمەڵایەتیەکان بونیاد دەنێت. هەر بۆیە ڕەنگە هونەرمەند، منداڵ وەک سەرچاوەیەک بۆ دەربڕینی ڕاستی و دەنپێدانانی هەڵەکان لە بەرامبەر گەورەکاندا دابنێت، کە لەنێو دامەزراوەی بەڕێوەبردنی وولاتدا نوماینەدی میدیا و ڕیکخراو و دەسەڵات بوونیان هەیە. هەڵە بوونێکی ئەزەلیە هەموان هەڵە دەکەن بەڵام منداڵ لە قوتابجانەدا دان بە هەڵەکەیدا دەنێت. هەروەها ئەگەر سەرنج بدەین، هەر کۆمەڵەیەک لەم لاستیکانە گۆڕانکاری لە فۆڕم و قەبارەیاندا ڕویانداوە کە وەک ئاماژەیەک دەردەکەوێت بۆ قۆناغەکانی تەمەن وەک لێکچواندنێک بۆ ووتنی ڕاستی لەلای گەورەکان، واتە چەندە لە تەمەنی لاستیکەکان کەم دەبێتەوە بەهۆی بەکارهێنان و داخورانی سوچی لاستیکاکان، بەپێی زیاد و کەمی بەکارهێنانەکەی، هەروەها لەهەر کۆمەڵەیەک ئەوە بەدی دەکرێت لە ڕووی ژمارەوە کەمتر دەبنەوە بە بەراورد بەوانی دیکە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەتا قوتابیەکان گەورەتربن کەمتر هەڵە دەکەن لە هەمان کاتدا کەمتر لاستیک بەکاردەهێنن بۆ هەڵەکانیان. ڕەنگە گوتاری گشتی ئەم کارە لە ڕێگەی ئەم لاستیکانەوە ئەوەبێت، کە منداڵان لە تەمەنێکی بچوکدا لە سروشتی ڕاستەقینەی خۆیانەوە نزیکن، هەروەها بارگاوی نەبوون بە کاریگەری و کۆدە کۆمەڵایەتیەکان، وە ئەگەر هەڵەیەک بکەن پیشانی دەدەن و شەرم ناکەن و دەیسڕنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پەی بە ئیگۆی خۆیان نابەن. بە ئاوایەکی دیکە، ئەوە گەورەکانن لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیاندا پرسیار

لەخۆیان ناکەن نایانەوێت دان بە هەڵەکانیاندا بنێن، ئەمەش دەیانبات بەرەو دیسپۆتیزم لەنێو خێزان و کۆمەڵگە بە گشتی، هەندێک جاریش بەرەو دروستکردنی دیکتاتۆریەت.

## چاوپیاخشاندن:

ڤیدیۆ پێرفۆڕمانس وەک بونیاد و پێکهاتەی کارەکە بە ڕەگەزێکی سەرەکی هەژمار دەکرێت لەلایەن وەرگرەوە، لە سەرەتادا هونەرمەند ئامانجی ئەوەیە لە ڕێگەی جەستەیەوە چەند

نموونەی (٢)



| نموونەی ٢ | |
|---|---|
| ناوی هونەرمەند | ڕێبین مەجید |
| ناوی بەرهەم | (Tuning Body) تۆندانی جەستە |
| ساڵی بەرهەمهێنان | ٢٠١٦ |
| میدیۆم | ڤیدیۆ پێرفۆڕمانس (قامیشی قەبارە جیاواز) |
| شوێنی نمایش | هۆڵی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان سلێمانی |
| خاوەندارێتی | هونەرمەند |

جوڵەیەکی هەمەجۆر ئەنجام بدات بە چوار دەووری خۆیدا کە هاوشێوەی سەما دەردەکەوێت. پاشان دوای ماوەیەک، لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەند (قامیشێکی قەبارە جیاواز) دەنگی هەمەجۆر دروست دەکات لەنێو هەوادا لە ساتی ئەو جووڵە جەستەییە ناڕێکخراوەی خوودی خۆی کە ئەنجامی دەدات، ئەمانەش لەنێو سپەیسی ژوورێکی فراوان لە (کارگەی جگەرەی سلێمانی) کاری لەسەر کراوە و تۆمارکراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ژێدەر و ناوەڕۆک:**

جووڵەی جەستە وەک ڕەهەندێک لەم ڤیدیۆ پێرفۆڕمانسەدا، دیارترین دیوی بینەیی کارەکە پێکدەهێنێت، کە لەسەرەتادا هونەرمەند بۆ ماوەیەکی دیاریکراو خۆی لەو دۆخەدا دەهێڵێتەوە بەبێ ئەوەی هیچ دەنگێک ببیسترێت لەلایەن وەرگرەوە، ئەمەش خۆهێشتنەوەیە بۆ چوونە ناو ڕیتمی جووڵەیی کە هونەرمەند بۆ خۆی دروستی دەکات، پاشان لە ڕێگەی هەڵگرتن و بەکارهێنانی چەند (قامیشێکەوە) هەوڵدەدات هاوتەریب بە جووڵەی جەستەی دەنگی هەمەجۆر درووست بکات. بە ئامانجی ئەوەی پەیوەندییەکی بەردەوام درووست بێت لە سەرەتاوە تا کۆتایی لە کارەکەدا، لەبەر ئەم هۆیەش پێرفۆڕمانسەکە هیچ پچڕانێکی تێدا بەدی ناکرێت لە ڕووی تۆمارکردنەوە لە کاتێکدا بە (٤) کامێرا و لە چوارگۆشە نیگای جیاوازەوە تۆمارکراوە بە مەبەستی ئەوەی وەرگر بهێڵێتەوە و لە چاوەڕوانی کردەی دواتردا، هەروەها نزیکبوونەوە لە دۆخی ڕاستی کارەکە وەک(Live Performance) ، لەگەڵ ئەوەی هەر بۆخۆی تۆمارکردن دوورکەوتنەوەیە لە ڕاستی پێرفۆڕمانسەکە، بەڵام هونەرمەند هەوڵ دەدات پانتاییەکی هەستی چاوەکی بۆ وەرگر فەراهەم بکات لەتەک بیرۆکەکەیدا، لێرەدا ڕاستی فریودەر (Fake Reality) وەک پیشاندانی (ڕاستی) ئامانجێکە بۆئەوەی وەرگر بهێنێتە نێو پانتایی بیرکردنەوەی بەردەوامی کارەکەوە.

هەروەها ئەو دەنگانەی درووست دەبن، دەنگێکی دسپلینکراو ئامادەکراو نییە وەک ئامێرێکی مۆسیقی، هەروەک چۆن هونەرمەند نایەوێت جەستەیەکی دسیپلینکراوی خۆی پیشان بدات لە چوارچێوەی جووڵەی ئامادەکراودا، بەڵکو ئەم دەنگانە لە ئەنجامی ئەو جەستە پڕ لە جوڵەیە دروست دەبێت کە هونەرمەند تێیدا بڕیار دەدات قامیشەکان بەنێو بۆشایی هەوادا بجوڵێنێت، بۆ بەردەوامیدان بە کارەکە، هەربۆیە ڕەنگە وەرگر بەتەنها لە چاوەڕوانی بیستنی دەنگدا نەبێت، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا لە چاوەڕوانی ئەوەدابێت چۆن پێکەوە جووڵە و دەنگ دەبنە دوو ڕەگەزی تەواوکەری یەکدی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەدیوێکی دیکەدا بۆ ئەوەی وەرگر ئەو ناوچە بینەییەی کارەکە تێپەڕێنێت، دەکرێت وێناکردنی توندوتیژی ئەگەرێک بێت لە بونیادی جووڵەی هونەرمەنددا، وەک کێشمەکێش و ململانێیەک کە لە هونەرە جەنگیەکاندا (Martial Arts)بەدی دەکرێت، کە هاوشێوەیە لەگەڵ جووڵە و بەکارهێنانی ئەو قامیشانەدا کە هونەرمەند بە هەموو لایەکدا دەیجوڵێنێت، بەو پێیەی وێنایەکی پێشوەختەی جەلاد و قوربانی لە زیهنی مرۆڤدا نەخشەی بۆ کێشراوە کە خەیاڵ و ئەندێشەی مرۆڤ لە چوارچێوەی ڕوانینی فراواندا دەهێڵێتەوە و قەتیس نابێت. دەکرێت پێکەوە چەندین ئاماژە لەنێو بۆتەی کارەکەدا پشکنینی بۆ بکرێت، کە ئەوانیش چەمکەکانی (سەماکردن، توندوتیژی، دەنگ) وەک گوتاری گشتی لەلایەن وەرگرەوە، کە هەموو ئەمانەش بۆ (تۆندانی) جەستەیە لەلای هونەرمەند، کە ئاماژەیەکی دەنگی و جووڵەییە لە هەمان کاتدا دەیەوێت پێکەوە پێرفۆڕمی بکات.

نموونەی (٣)



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| نمونەی ٣ | |
|---|---|
| ناوی هونەرمەند | ڕەنج حیکمەت هند |
| ناوی بەرهەم | (Not Titled Yet) |
| ساڵی بەرهەمهێنان | ٢٠١٧ |
| میدیۆم | نووسین (پرێنت لەسەر وەرەقەی A4 ) |
| شوێنی نمایش | مۆزەخانەی هونەری هاوچەرخ |
| خاوەندارێتی | هونەرمەند |

**چاوپیاخشاندن:**

لەم کارەدا سەرەتا بینەر ڕووبەڕووی چەند لاپەڕەیەک لە نوسراوێکی ئاسایی دەبێتەوە، کە پێکهاتەی کارەکە بریتیە لە ٢٠ لاپەڕەی ئەی فۆڕ(A4) کە بە زمانی ئینگلیزی بە شێوەی چاپ بابەتێکی لەخۆگرتووە هەروەها بە زمانی کوردی کۆمەڵێک ئاماژە و هێما و تێبینی لەسەر دەستنیشانکراوە، لاپەڕەکان بەشێوەی ئاسۆیی و بە سێ ڕیزی یەک لە سەر یەک دانراوە، کە ئەمانەش لەسەر ڕووکاری دیوارێکی سپی جێگیر کراون. هەروەها ڕەفەیەکی بچووکی هەڵواسراو دەبینرێت کە کۆی نووسینەکەی بە وەرگێڕانی کوردی لەسەر دانراوە.

**ژێدەر و ناوەڕۆک:**

کارەکە ڕەهەندێکی زمانەوانی بێ فۆرم و دیماتریەلایزکراو لە ڕووی هەستی چاوەکی و دروستکردنی ئۆبجێکت لەخۆ دەگرێت، کە هەوڵێکە بۆ وەرگێڕانی گوتارێکی (کلیمنت گرینبێرگ) لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ کوردی، لەژێر ناویشانی ( ئاڤانتگارد و کیچ). ئەم هەوڵەش ئەزموونێکە لە ململانێی خودی هونەرمەند لەنێو زماندا. هەروەها، لەڕێگەی زمانی نوسینەوە توانراوە کارەکە بەرجەستە بکرێت کە ڕاستەوخۆ مامەڵەیەکی هۆشەکی لەگەڵ بینەردا دەکات وەک لەوەی گەڕانەوەبێت بۆ بونیادنانی ئۆبجێکتێکی باو کە وەرگر لە ڕووی فیزیکیەوە بەر کارەکە بکەوێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت گریمانەی ئەوە بکەین  کە وەرگریش بە هەمان ئەزموونی ناوەکی هونەرمەنددا گوزەر دەکات بەهۆی پرۆسەی بیرکردنەوە و خوێندنەوە و لێکدانەوە و هەوڵدان بۆ ڕوونی تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی بابەتەکە، کە بە هێما و نوسینی تێبینی ڕونکاری ئاماژە بۆ ووشەگەلێکی ناڕوون و ئاڵۆز کراوە لە ڕووی واتاوە. هەربۆیە نوسین وەک نێوەندێکی سەرەکی کارەکە بەتەنها نەبەسراوەتەوە بە وەرگێڕانێک، بەڵکو زمان نوماینەدەی تێڕوانینێکی هزری بۆ گەشەسەندنی کاری هونەری دەکات کە وەرگر بە دوو ئاڕاستەی ڕوانیندا دەبات، یەکەم وەک کارێکی هونەری بینەیی لە چوارچێوەی بیرۆکەدا، ئەویدیکەش ناچارکردنی وەرگرە بۆ تێفکرین لە ڕوانگەی ناوەڕۆکی نوسینەکەوە. لە هەردوو باردا ئەم مامەڵە هۆشەکیە دەمانخاتە بەرتێگەشتنی مانای هونەر، چ لەنێو کۆنتێکستی مێژوویدا وەک نوسینی گووتارەکەی گرینبێرگ، چ لە کاتی نمایشی خودی کارە هونەرییەکەی هونەرمەندەکەدا. لێرەدا هیچ هەوڵێک نیە بۆ بەرجەستەکردن یاخود وەرگێڕانی ووشە و زمان بۆ بونیادنانی فۆرمێکی دیکە جگە لە زمان خۆی نەبێت، بۆ دەستخستنی واتا لەلای وەرگر.

بە دیوێکی دیکەدا، ئەم کارە هیچ ڕوبەرێک بۆ واتای گووتاری زاڵی ئەیستەتیکی ناهێڵێتەوە، هەروەک چۆن هونەرمەندانی هونەر و زمان (Art And Language)، وەک بەرەنگارییەک لە بەرامبەر بیردۆزی ئەیستەتیکی گرینبێرگ وەک ڕەخنەگرێک وەستانەوە، یاخود (ئارثەر دێنتۆ و تۆم وۆڵف) ناوەڕۆکی هونەر بە شێوەیەک دەپارێزن کە دەبێت لە سەرەتاوە تیۆری یاخود فەلسەفی بێت. هەر بۆیە هونەرمەند لەم کارەدا هەوڵدەدات وەرگر لەنێو بەشی هۆشەکیدا بهێڵێتەوە بۆ دەستخستنی لێکدانەوەی هەمەجۆری کارەکە لە نێو کۆنتێکستێکی فراوانتردا.

لێرەدا گوتاری هونەرمەند بە تەنها وەرگێڕانێک نییە بۆ بابەتێکی تیۆری هونەری و پیشاندانی لەنێو کۆنتێکستی هونەریدا، بەڵکو زیاتر لەوە هەڵدەگرێت، ئەویش ئەوەیە هونەرمەند دەیەوێت لە ڕێگەی شیکردنەوە و لێکدانەوەی مانای هونەر و بانگێشتکردنی وەرگر بۆ کێشەکانی نێو زمان، هەروەک چۆن  مارگرێت سخافەماکەر(Margriet Schayemaker). بە شیکردنەوە و بەکارهێنانی زمان لە هونەرە بینەییەکانی ساڵانی شەستەکان دا بایەخێکی زۆر بە هونەر و زمان دەدات وەک چوارچێوەیەکی دەستە جەمعی و تیۆری، کە میتۆدی لێکدانەوەیان بۆ دابینکردووون.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی چوارەم

## ئەنجام و دەرەنجامی نموونەکان:

نموونەی (١):

ئەنجام: هێرمێنۆتیکای چەمکی سڕینەوە لەنێو بونیادی کارە هونەریەکە، گوتارێکی وەهای لەخۆگرتووە، قۆناغەکانی گەشەکردنی لایەنی ویژدانی و کۆمەڵایەتی بەدەردەخات لە سەرەتای پڕۆسێسی پەروەردە و فێرکردندا، کە مرۆڤ بەردەوام لە نێو ئاڵۆزی چەمکگەلێکی فرە ڕەهەندا خۆی دەبینێتەوە.

دەرەنجام: ڕاڤەی گوتاری بنەڕەتی لەنێو کارە هونەریەکادا هۆشیاری وەرگر بەرەو ئاسۆیەکی چاوەڕوانی وەها دەبات خەیاڵ و ئەندێشەکانی چەمکێکی دیکە بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی (سڕینەوە و ڕاستکردنەوە) بەرجەستە دەکات، بەجۆرێک ڕاڤەکردن فراوان دەکات بەرەو پانتاییەکی بێ سنوور لەنیوان گەڕان بە نێو دوالیزمی (هەڵە/ڕاست) (سپی/ڕەش)...، بەجۆرێک سنووری واتای کارەکە ئاوێتەیەکە لەنێوان چەندین جۆر دوالیزمی هزری و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و ئەنتۆلۆجی.

نموونەی (٢):

ئەنجام: لەنێو ڕاڤەی بونیادی پێرفۆڕمانسە ڤیدیۆییەکەدا چەندین ئاماژەی جووڵەیی لەنێو کارەکەدا خۆ دەنوێنن، وەک چەمکەکانی (سەماکردن، توندوتیژی، دەنگ) ،کە دەکرێت وەرگر پشکنینی واتاییان بۆ بکات، ئەمەش پێرفۆڕمانسێکە بۆ (تۆندانی) جەستە هونەرمەند خۆی، کە ئاماژەیەکی جووڵەیی و دەنگییە، هونەرمەند دەیەوێت هەموو ئەمانەش لە یەک کاتدا پێکەوە لە کارەکەدا پەخشی بکات بۆ وەرگر.

دەرەنجام: جوڵە و دەنگ دوو چەمکی دەرهاویشتەی جەستەیە لەنێو پێرفۆڕمانسەکەدا کە دەبنە دەرخەری واتای فرە جۆر لە ئاسۆی چاوەڕوانی وەرگردا بۆ (تۆناندن) و جووڵەی پەیوەست بە جەستەوە لە کات و بارودۆخی جیاوازی دیکەدا.

نموونەی (٣):

ئەنجام: پەخشکردنی گوتارە هونەرییەکە بە جۆرێک خۆ دەهاوێتە نێو کێشمەکێشی نێوان ئەوەی کە بیرۆکە و هونەر و زمان چەند ڕایەڵەیەکی گوزارشتکردن و دەربڕینکارییە لە نێو

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژانرەکانی مەعریفەدا، کە کار دەکەنە سەر لایەنی پەی پێبردنی وەرگر و لایەنی هزری بەجۆرێک ئاسۆی چاوەڕوانییەکانی دەگۆڕێت لە ساتەوەختی ڕاڤەکردنی جیهان و پەیپێبردنیدا، کە ئاستەمە بگاتە (واتا)ی تەواوی (شتەکان).

دەرئەنجام: کۆی کۆدە بینەییەکانی گوتاری کارە هونەرییەکانە، کە واتای (شتەکان) لە ڕووی ڕاڤەی فەلسەفە و هزرییەوە هەرگیز لە پێناسەیەکی زمانەوانی جێگیردا نابێت، بەڵکو واتای کۆدەکانی زمان هەمیشە فۆڕمێکی هەڵوەشێنگەرایی و بەشکردنە بە جۆرێک هیچ کاتێک حەقیقەت بوونی نییە، بەڵکو تەنها ڕاڤەکانە. حەقیقەت تێگەشتنێکی ڕەها نییە بەڵکو خوێندنەوەی جودا لەخۆ داگرێت.

### پێشنیارەکان:

لەپێناو برەودان بە ڕەهەندە هونەری و هزرییەکانی دیماتریاڵیزەیشن و سوودی زانستی، توێژەر لە میانی قوڵبوونەوەی لەم بابەتەدا، پێشنیاری بەجێهێنانی ئەم لێکۆڵینەوە و توێژینەوانە دەکات کە لایەنی دیکەی هونەری دیماتریاڵیزەیشن دەخەنە ڕوو:

١-ئیشکالیەتی ڕاڤەکردنی هونەری هاوچەرخ.

٢- چەمکی هزراندن لەنێو هونەری دیماتریاڵیزەیشندا.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەی عەرەبی:

١- سیزا، ق. (٢٠٠٢) القارئ والنص العلاقة والدلالة، لامجلس الاعلى للثقافة. ص. ١٢٦

٢- سعدی، ي. (١٩٨٩). تحليل الخطاب الروائى وابعاده النصية. مجلة الفكر العربى المعاصر. العددان ٤٨- ٤٩ بيروت: ص. ١٧-٣١

٣- صفاء ع. ع. ج. (٢٠٠٠). هيمينوطيقا (الأصل في العمل الفني)، دراسة في الآنطولوجيا المعاصرة، ط١، مصر: الآسكندرية: ص٢٣

٤- عبدوالغنی، ا. (٢٠٠٨). الهينيوطيقا و الفلسفة، الدار العربية العلوم ناشرين- منشورات الأختلاف، الجزائر: ص١٤٢

٥- مايكل، م. (١٩٧٩). النقد كشف واغلاق المعنى. مؤلفين.تحرير: بطاهيرى، ترجمة: سلافة مجادي. دارالشؤون الثقافة. بغداد: ص. ٢٦-٢٦٢-٢٦٥

٦- مختار، ا. مفهوم الخطاب بين مرجعه الاصلى الغربى و تأصيله فى اللغة العربية. المدينة المنورة: جامعة طيبة بالمدينة المنورة: ص.٣١-٤٦

٧- نصر، ح. ا. (١٩٩٢). إشكاليات القراءة وألياف التأويل. المركز الثقافي العربي. ص. ١٤-٣٠-٤٣-٤٦

٨- هانز، ر. ى. (١٩٨٨). علم التأويل لاوذني: حدوده و مهماته، ت: بسام بركة. مجلة العرب والفكر العلمى. بيروت: ص. ١٤١

**سەرچاوەی ئینگلیزی:**

1- *Alexander, A. and Blake, S. (1999). Conceptual Art: A Critical Anthology. The MIT press: PP. 15-53-294-295.*
2- *Dunne, A. Rabi, and F. (2013). Speculative Everything: Design, Fiction, and Social Dreaming. Massachusetts institute of Technology: P. 14*
3- *Joseph, S. (1943). The Mathematical Basis of The arts. Philosophical Library: New York: P.17*
4- *Joseph, K. (1991). Art after Philosophy and after. The MIT press Cambridge. London: England: P.17*
5- *Kemal, I. M. (2011). Conceptual Art Works as Type. AN Account of Dematerialization in Conceptual Art. IHSAN DORAMACI BILKENT UNIVERSITY: PP6-7*
6- *Kristine, S., Selz, P. (2012). THEORRISE AND DOCUMENTS OF CONTEMPORARY ART. University of California Press Berkeley: Los Angeles: P. 97*
7- *Lucy, L. R. and John, C. (1997). Six Years: The Dematerialization of the art object from 1966 to 1972, University of California Press: PP. xiv- xiii*
8- *Lucy, L. R. and John, C. (1968). "The Dematerialization of art" Art international 12, no.2*
9- *Makaryk, I., Wneclopedia of Contemporary Literary Theory: PP. 20-92*
10- *Mark, C.T. (1997). University of Chicago Press HIDIN: P.109*
11- *Peter, G. and Elizabeth, S. (2007). Philosophy and Conceptual Art, Oxford University press: P. xii*
12- *Zoë, S. (2016). The World as Gallery. Conceptualism and Global Neo- Avant-garde. University of Brighton: PP. 86-87-88.*

سەرچاوەی گۆڤاری ئەلکترۆنی:

1- *The Free Dictionary https://www.thefreedictionary.com/dematerialization*
2- *Phillip, B. (2017). IDELL ART MAGAZINE: What Was the Dematerialization of Art Object? https://www.ideelart.com/magazine/dematerialization-of-art*
3- *Owen, D. (2017) ARTSPACE MAGAZINE: what was Dematerialization? (And What Does It Mean in the Age of "The Cloud"?) https://www.artspace.com/magazine/art_101/close_look/what-was-dematerialization-54528*
4- *Janet, B. (2011) ARTPLUSE MAGAZINE: The Dematerialization of Art: Notes from the Artifact's Era. http://artpulsemagazine.com/the-dematerialization-of-art-notes-from-the-artifacts-era*
5- *Roberta, S. (2011). The New York Times MAGAZINE, A New Pin on The Art Map Article. https://www.nytimes.com/2011/11/13/arts/design/pacific-standard-time-art-exhibitions-in-la-review.html*
6- *Stone, M. (2019). Henri Magazine, Value as Decoration.*

---

## Hermeneutic of Dematerialization Discourse

**Kosar Jalal Muhamad Kaka**
Department of Painting, College of Fine Arts, Sulaymaniyah University, Sulaymaniyah, Kurdistan Region, Iraq.
Kosarjalal.kaka@gmail.com

**Asst. Prof. Dr. Jaza Baker Mahmood**
Department of Painting, College of Fine Arts, Sulaymaniyah University, Sulaymaniyah, Kurdistan Region, Iraq.
Jaza.mahmood@univsul.edu.iq

***Keywords:*** *Dematerialization, Hermeneutics, Ultra-conceptual, anti-aesthetic, de-commodification, Discourse*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


## Abstract

This research study focuses on (Analyzing the discourse of dematerialization in the Kurdistan Region, specifically in Sulaimanyah), and it consists of four chapters.

The first chapter addresses the research issue, its significance, purpose, and limitations. This study aims to uncover the characteristics of dematerialized artworks created by Kurdish artists in the Kurdistan Region (especially Sulaimanyah) between 2008 and 2017. It also includes an exploration of the related keywords and their analysis in terms of linguistics, terminology, and definitions, according to the guidelines.

The second chapter presents the theoretical framework, consisting of two topics. The first topic analyzes the concepts of hermeneutics and discourse, while the second topic delves into the concept of dematerialization (including its origins, references, and emergence), as an introduction and emergence of this concept in visual artwork.

The third chapter outlines the methods and procedures used for analysis. The study employs a descriptive method of analysis, starting with the collection of artistic products and concluding with specific examples that are analyzed. The results obtained directly answer the research problem.

The fourth chapter encompasses the study's findings, conclusions, and recommendations. It includes insights drawn from each example and explores the characteristics of dematerialization in the context of visual art. Additionally, a list of references is provided.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ملخص:

هذه الدراسة تختص ببحث (تفسير التجريد المادي في إقليم كوردستان- السليمانية أنموذجا) وتتألف من أربعة فصول، الفصل الأول مخصص لاستعراض مشكلة البحث وأهميته وهدفه وحدوده والمحددة بكشف خاصية الأعمال الفنية المجردة عند الفنانين الكورد في إقليم كوردستان (السليمانية أنموذجا في أعوام ٢٠٠٩ - ٢٠١٧). وكذلك التعامل مع بعض المصطلحات المذكورة في الدراسة من حيث اللغة والمصطلحات والتعريفات عن طريق الإجراء.

أما الفصل الثاني فقد أُعد كإطار نظري ويضم مبحثين، المبحث الأول: تحليل مصطلح التفسير والخطاب، والمبحث الثاني: التجريد المادي (المفهوم والمصدر والظهور) كتعريف وظهور هذا المفهوم في الأعمال الفنية المرئية.

والفصل الثالث يتناول المنهج وإجراءات التحليل والمنهج الذي يستخدمه الباحث في تحليل نماذجه هو المنهج الوصفي (التحليلي) والذي يبدأ بجمع الأعمال الفنية وينتهي بتحليل النماذج وعند حصوله على النتائج يكون قد أجاب على مشكلة البحث مباشرة.

ويتكون الفصل الرابع من المقترحات ونتائج كل النماذج وخواص تجريد الأعمال الفنية في إطار الفن المرئي، ثم تأتي قائمة المصادر.